# هونەري سياسەت يان بەسياسەتكردني هونەر...؟

دارا مەحمود

لێرەدا ناخوازم لەمە بدوێم داخوا سیاسەت هونەرە یان نا، و چەند و چۆن. بەڵکو دەمەوێ باس لە بەسیاسەتکردنی هونەر بکەم کە ئەمڕۆ لەسەر دوو ئاست پەیڕەو دەکرێت و بە ڕێوە دەچێت:

1- هونەر (بە ئەدەبیاتیشەوە)، ملکەچی سیاسەتەو سیاسەت بەڕێوەیان دەبات و پلەیان پێدەبەخشێت و ڕەواجیان پێدەدات. ئەمەش نەك تەنیا وەکو جاران کە حزب یان دەسەڵاتی سیاسی دەیخواست ڕکێفیان بکات. بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمەیان هێشتا هەر بەردەوامە، شێوازێکی تریشی بەخۆیەوە گرتووە کە گۆڕەپانی چالاکی هزریی هونەر، سیاسەت داگیری کردووە: شاعیر لەبری شیعر، وتارو شرۆڤەی سیاسی دەنوسێت. ڕەخنەگری ئەدەبی ڕەخنەی سیاسی دەگرێت.و گۆرانیبێژ وەعزی سیاسی دادەدات...گەرچی ئەمە بەگشتی کارێکی ڕەواو ئاساییە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەمەیە کە سنوورەکانی ئەم کارە کامانەن و لەکوێدا بایەخە هونەرییەکان لەدەست دەچن..؟

2- هونەر، خۆی بۆتە سیاسەت. و بەواتایەکی تر یاساو ڕێساو ڕەفتاری سیاسی پەیڕەودەکاتەوە. و بێنەو بەرەو ململانێکان بە شێوازی سیاسی لەگۆڕەپانی هونەردا ڕەنگدەدەنەوەو بەرجەستەدەبن.

بەمجۆرەو لەژێر کاریگەریی ئەم دوو خاڵەی سەرەوەدا، لەسەرێکەوە لێدوان لە ڕووداوە سیاسییەکان یەکە بابەتی کۆڕوکۆبوونەوەو گۆڤارو سایتەکانی ئێنتەرنێتن و بەمەش جیهانی داهێنانی هونەریی و ئەو کات و دەرفەتەی بۆی تەرخاندەکرێت لە نزمترین و کەمترین حاڵەتی خۆیدایەو هونەرو ئەدەبیات بەرێچکە هەرەکۆنەکەی خۆیاندا دەڕۆن و ئەگەر جارناجارێك بە ڕواڵەت نوێکارییەکیش بێتە ئاراوە، زوو خامۆش دەبێت و گوروتینی دادەمرکێتەوە. لەسەرێکی تریشەوە ڕەفتاری هونەریی هەمان بەرگی سیاسەتی پۆشیوەو لاسایی ئەو دەکاتەوەو لێیەوە فێردەبێت: ململانێ و کێشمەکێشی ناجوامێرانە، ترۆری فکریی، پاشقول وەشاندن، یەکترکردنەپەیژە بۆکشان بەرەو لوتکە، شاردنەوەی ڕاستییەکان و زاڵبوونی زمانی درۆ، ڕووشاندنی دەروونی یەکتر، و گەندەڵی بەهەموو شێوەکانییەوە...و چەندان ڕەفتاری تر کە لە ڕاستیدا لەگەڵ جیهانی پڕلەدرۆو فێڵی سیاسەتدا دێنەوەو بە جیهانی هونەر نامۆن.

ئەم ڕەوشە لەلایەکەوە لەشکرێکی نەخوێندەواری هێناوەتە گۆڕەپانی هونەرو، و بابەت و بەرهەمە هونەرییەکان بێهەست و مردوو، و ناوەرۆکەکانییان سواووکۆن و چەنبارەکراون. و ناونیشانەکانییان چەندە نوێ بن لە واقیعدا لەزبڵ و زاڵ بەولاوە شتێکی تر نین. و بەکورتی نووسین و کاری هونەریی بوونە ئەو گوێدرێژەی هەمووان دەتوانن سواری بن. لەلایەکی تریشەوە پۆلیس دەمامکی هونەری پۆشیوە. ونووسەرو ئەدیب و پۆلیسی نهێنی و ڕاپۆرتنووس... تێکەڵ یەکبوون و لێکجوێکردنەوەیان بۆ هەمووان کارێکی ئاسان نییە.

جیهانی هونەر جیهانی داهێنانە. کاتێك داهێنان نەبێت، ئیتر هونەرێکیش لە ئارادا نابێت. کەچی هونەرو ئەدەبیات بەتایبەتی ئەوانەی لە سایتەکانی ئێنتەرنێتەوە بڵاودەبنەوە، بوونە بابەتی سەرگەرمی و ڕۆڵی نوقڵ و بادام و گوێزو گوڵەبەڕۆژە دەگێڕن و بێتاقەتی مرۆڤ دەردەکەن.

هونەر ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆی لەدەستداوەو ڕەنگی سیاسەتی بەخۆیەوەگرتووە. ئێمە ناخوازین و ناشتوانین دیوارێکی بڵند لەنێوان هونەرو سیاسەتدا بینابکەین. بەڵام خۆ دەبێ هەر ڕەنگە ماهیەتی خۆی پێوە دیار بێت. ئێمە ڕەنگەکانمان ناشیانە تێکەڵ یەك کردوون و ڕەنگە بنەڕەتیەکانیشمان لەناوبردوون. ڕەنگە سیاسەت هونەر بێت بەڵام هەرگیز هونەر نابێتە سیاسەت. و ئەگەر وای لێبهات ئیتر چیتر هونەر نییە.

سنووری هونەر لەگەڵ سیاسەتدا ئامێتەبوون و توانەوەو وەئەستۆگرتنی ئەرکەکانی ئەو نییە. بەڵکو ڕکێفکردنی سەرکێشی سیاسەتمەداران و بەدەنگهاتن لەبەرانبەر مافزەوتکردن و سەرکوتکردن و پێشێلکارییەکاندایە.

ئەگەر بڕیار بێت هونەر پەیامی هەبێت، ئەوە بریتییە لە جوانکردنی ژیان و فراوانکردنی مەودای دیدو بیرکردنەوەو خەیاڵی مرۆڤ و تێگەیشتنی پتر لەژیان. کەچی لەژێر سێبەری سیاسەتدا کوشتنی ئەمانە بەڕێوەدەچێت. پەیامی هونەر ئازادییە. لەحاڵێکدا پەیامی سیاسەت، گۆڕین و چەسپاندنی دەسەلاتەو بەواتایەکی تر گواستنەوەی مرۆڤە لە دیلیەتییەکەوە بۆ دیلیەتییەکی تری پتر یان کەمتر.

هونەر چەندە خراپ بێت ژیان لەکەس ناستێنێت و مافێکی پێ زەوت ناکرێت. بەڵام شەڕو شۆڕو وێرانکاریی، زەوتکردنی ئازادی، دەستبەسەرداگرتنی مافەکان، دابەشکردنی مرۆڤ بۆ دەوڵەمەند و هەژار، گەندەڵی، درۆ، بوختان، ڕقهەلگرتن و تۆڵەسەندنەوە، تەوەربەندی و گروپبازی، ترساندن یان دەمچەورکردن... هەموو بەرهەمی سیاسەتن. و کاتێکیش ئەمانە هاتنە ناو هونەرەوە ئیتر لەماهیەتی هونەر بوون دادەشۆرێت.

ڕاستە هەمیشە سیاسەتی باش و سیاسەتی خراپ هەبووەو هەیە. هونەریش هەروا. بەڵام جیاوازی زۆر لەنێوان ئەم دووانەدا هەن. باشی و خراپی هونەر بەئاستی داهێنانەکەی و ئەم خولقاندنانەی بە دەستیان دەهێنێت دەپێورێ. لەحاڵێکدا هی سیاسەت بەو دەستکەوتانەی بۆ خۆشگوزەرانی و بەختەوەری مرۆڤ و ڕادەی سەرکەوتنی لەپتر ڕێکەپێککردنی ژیاندا بەدەستیاندەهێنێت.

هونەرو داهێنانی هزری، دەکرێ ببنە پیشەی مرۆڤ و بژێویەکەی دابین بکەن. و لەوەدا هونەرمەندو نووسەریش ببنە خاوەن سامان و دەوڵەمەند بن، هیچ گرفت و شەرمێك نییە. بەڵام کاتێك بەدەستخستنی سامان بوو بە ئامانجی هونەر، دەبێ چاوەڕێ بکەین گومرگ و پارەی تەزویرو قاچاخ و بەرتیل و تێرنەبوون و دەستپانکردنەوەو سەرئەنجامیش هەر شێوازێکی تاوانکاریی تێ بکەوێت. دیسان لەوێشدا لەهونەر دادەشۆرێت و ناسنامەی سیاسەت بەبەرۆکی خۆیەوە دەکات.

سیاسەتمەدار، زۆربەی جاران خەڵك بەقەرزاری خۆی دەزانێت و چاوەڕێی چەپڵەو پەیکەر بۆدرووستکردن و کڕنۆش بۆبردنە. بەڵام هونەرمەند نەکڕنۆش دەبات و نەکڕنۆش بۆبردنیشی گەرەکە. شایستەی پەیکەرو چەپڵەیە. بەڵام کاتێك خۆی داوای کرد، یان ویستی بەکاسەلێسی و مەرایی و ئێسقان کرۆستنەوەو خۆفوودان بەدەستییان بخات، ئیتر چیتر هونەرمەند نییە و دەبێتە سیاسی. و یانیش تەنیا کۆمبارسێکی سیاسی. کە ڕەنگە ڕۆژێك لەلوتکەدابێت، بەڵام سەرئەنجام دەکەوێتە قوڵاییەوەو بیردەچێتەوە.